# سیپارەی سترانە ئاشقانەکانی ویلیام بلەیک

**بە وەرگێڕانی: عەبدولخالق یەعقووبی**

**وەرگێڕانێکە پێشکەش بە دایکی هەمیشە جوانم**

**پیرۆز ئافەرەیدوون**

عەبدولخالق یەعقووبی

## پێشەکیی وەرگێڕ

ویلیام بلەیک ٢٨ی نوڤێمبری ساڵی ١٧٥٧ لە شاری لەندەن و لە بنەماڵەیەکی کەمداهات لە دایک بوو و ١٢ی ئۆگوستی ١٨٢٧ لە هەمان شار کۆچی دوایی کرد. بلەیک لە دایکی خۆی فێری نووسین و خوێندنەوە بوو و لە پەنای ئەو پەروەردە نارەسمییە، خۆی بە فێرکردنی شێوەکاریشەوە سەرقاڵ کرد. بلەیک هەر لە سەروبەندی لاوێتی حەزی چووە خوێندنەوەی بابەتی ئەدەبی و هونەری و فەلسەفی، و بەردەوام بە سەرنجی ڕەخنەگرانە و هزرمەندانەوە دەیخوێندەوە. زۆربەی هەرەزۆری بەرهەمەکانی کەڵەنووسەرانی ئەوسەردەمی خوێندەوە، نووسەرانێکی لە چەشنی هیوم، بێرکلی، شێکسپیر و هتد. ساڵی ١٧٨٢ لەگەڵ خاتوو کاترین سۆفیا بوچێر زەماوەندی کرد. کاترین نەخوێندەوار بوو، و بلەیک فێری خوێندنەوە، نووسین، و شێوەکاریی کرد. کاترین بە درێژایی تەمەنی ٤٥ ساڵەی ژیانی هاوبەشیان پشتیوانی بێ سێودووی کارەکانی بلەیک بوو. ساڵی ١٧٨٩ بلەیک کۆمەڵەشیعرێکی بە وێنە شێوەکاریکراو بە دەستی خۆی بە ناوی "سترانەکانی بێتاوانی (Songs of Innocence) " بڵاو کردەوە. دوابەدوای ئەم کۆمەڵەشیعرە، ساڵی ١٧٩٣ کۆمەڵەیەکی تری خستە بەرچاوی خوێنەرەوانی شیعر بە ناوی "سترانەکانی ئەزموون .(Songs of Experience) "ساڵی دواتری، ئەم دوو کۆمەڵەشیعرەی ئاوێتەی یەکتری و بە ناوی "سترانەکانی بێتاوانی و ئەزموون" چاپ کرد. ئەم دوو کۆمەڵەشیعرەی هێمای دوو دۆخی جیاوازی ڕۆحی مرۆڤ بوون؛ یەکەمیان دۆخی گەشبینی و ئەرێنی، دووهەمیان ڕەشبینی و نەرێنی. بلەیک ساڵی ١٨٢٧ بە نەخۆشی و لە کاتێکدا باری دارایی ژیان و گوزەرانی خراپ ببوو بۆ هەمیشە سەری نایەوە و ماڵاوایی لە جیهانی ئەدەبیات کرد.

ڕۆژاوا لە سەدەی هەژدەهەم کانگای کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گرینگ و مێژوویی بوو. سەرهەڵدانی پیشەسازی و دیموکراسی لە باری ئابووری و سیاسییەوە کاریان کردە سەر باری کولتووریی کۆمەڵی مرۆیی ئەورووپا و ئەمریکا. ئەدەبیاتی مۆدێرن ڕەنگدانەوەی هزرێکی نوێ بوو بە نیسبەت مرۆڤ و ئەو جیهانەی تێیدا دەژیا. لەم نێوانەدا قوتابخانەی هزری-ئەدەبیی ڕۆمانتیسیزم گرینگییەکی تایبەتی بە ڕەسەنایەتیی مرۆڤ و ئاوێتەبوونی ڕۆحیی مرۆڤ بە سروشت و جیهانی فیزیکی دەدا. بە پێی ئەم ڕێبازەهونەرییە دابڕانی مرۆڤ لە سروشت کارەساتی لێ دەکەوێتەوە. هەر بۆیە، تێرامان لە دنیای دەوروبەرمان

خۆشەویستیمان بۆ خۆمان و جیهانمان مسۆگەر دەکات؛ بەڵام گەر بێت و سروشت تەنیا ببێتە داردەستی مەیل و تەماحەکانی مرۆڤ، ئەوە ئاسۆی داهاتووی مرۆڤایەتیی ڕەش و نائومێدکەر دەبێت. ویلیام بلەیک لە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی لەمجۆرە چاوی بە ڕووی دنیای داهێنانی ئەدەبی پشکووت .

شیعری بلەیک نوێنەری مەزنایەتیی جیهانی بوون و بێقیمەتیی ئەو لایەنانەیە کە دژ بە جوانییەکانی جیهان و مرۆڤ ڕادەوەستن. لە ڕوانگەی ئەوەوە، جیهان لە سەر بنەمای سروشتێکی هونەری دامەزراوە. دیدی ئەو بۆ کاینات دیدێکی مرۆڤ-تەوەر و هیومانیستییە . بەڵام لە هەمان کاتدا، لە چوارچێوەی ئەم هیومانیزمە، بلەیک ڕەخنە لەو کەس و دامەزراوانە دەگرێت کە دژی سروشتی هونەری و بێگەردی ئەم جیهانەن. بە وتەیەکی تر، ئەوە ئەم کەس و دامەزراوە ئایدیالۆژیستەن کە دژ بە تەبیعەتی پاکی کاینات ڕادەوەستن و دەبنە هۆی دزێوکردنی ئەم جیهانە. هەر بۆیە دەبینین بلەیک لە شیعری خۆیدا لە لایەکەوە لە سەر چەمکی گەورەیی و پاکیی مرۆڤ، ئازادی و دادپەروەریی ئینسانی لەنگەر دەگرێت و پەسندیان دەکات، و لە لایەکی ترەوە، سەنگەر لە دژبەرانی بەرەی کەرامەتی مرۆیی و پاقژیی ئەم جیهانە دەگرێت و ڕەخنەبارانیان دەکات. بە کورتی دەتوانین بڵێین ناواخنی شیعری بلەیک لە سەر دوو کۆڵەکەی سەرەکی دامەزراوە: یەکەم، دیدێکی هیومانیستیی ئاشقانە بۆ مرۆڤ، ژیان، و جیهان؛ دووهەم، ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە بۆ دامەزراوە دینییە کۆنەپارێزەکان .

بلەیک شاعیرێکە مرۆڤی وکو بەشێک لە سروشتی پاکی جیهان خۆش دەوێ. دیدی بلەیک بۆ مرۆڤایەتی دیدێکە لە چوارچێوەی ڕۆحانیەتێکی گشتیی ئینسانی نەک ئایدیالۆژییەکی ئاینگەرایانەی ئاسمانی. تەنانەت گەڕانەوەی ئەو بۆ ئوستوورەکانی ئینجیل و تەورات و بەکارهێنانیان لە جیهانی هێماینی شیعرەکانی، بە مەبەستی چەسپاندنی گەورەیی مرۆڤە لە جیهانی مادی نەک سەلماندنی ئەو ئوستوورانە وەکو ڕێسا و ڕێنمای ژیانی مرۆڤ. هەر لە بەر ئەو خۆشەویستییەی بلەیک بۆ مرۆڤە کە زۆربەی شیعرەکانی ئەو سریشتێکی لیریک و ئاشقانەیان هەیە. بە وتەیەکی تر، بلەیک ڕوانگەیەکی عیرفانی و/یان شهوودی بۆ جیهان هەیە و لە گۆشەنیگای مەعنەوییەتەوە بۆ مرۆڤ و ئامانجی مرۆڤ لە ژیان دەڕوانێ. تەنانەت گەر سەیری تابلۆ شێوەکارییەکانی بلەیک بکرێت (کە لەم کۆمەڵەوەرگێڕاوەدا هەندێکیانمان لەگەڵ دەقی شیعرەکان پیشان داوە) دەبینین ئەو تابلۆیانە پڕن لە وێنە و ئیماژی پێغەمبەران و کەسانی پیرۆز و فریشتەکانی جیهانی باڵا و هتد. بەڵام بلەیک قاچی لە سەر عەرد بوو، و هەر بۆیە ئەوەی ئەویان هان دەدا شیعر بنووسێ عیشق و ئازادیخوازی و

مرۆڤدۆستی بوو نەک ئینتیمای دینی یان قەومی. لە ڕوانگەی بلەیک-ەوە ئەسڵی خۆشەویستی پێش هەموو ئەسڵە سیاسی و دینییەکان دەکەوێت، و ئەوە عیشقە ڕێنوێنی ڕاستەقینەی ڕزگاریی مرۆڤە، نەک ئایدیالۆژییە نوسخەپێچکراوەکانی دەسەڵاتدارانی زێڕ و زیو. بۆ نموونە، بڕواننە شیعری " شەتڵە گوڵەباغی جوانم:"

*گوڵێک پێشکەشی من کرا،*

*جوانتر لە گوڵی بەهاری،*

*بەڵام گوتم،"من خاوەنی شەتڵە گوڵی جوانی خۆمم،"*

*ئیتر وازم لەو گوڵە شیرینە هێنا.*

*گەڕامەوە بۆ سەروەختی شەتڵە گوڵە جوانەکەی خۆم،*

*تا شەو و ڕۆژ لە ئامێزما بیپارێزم؛*

*بەڵام گوڵەباغەکەی من*

*ئیرەیی برد و ئاوڕی لێ نەدامەوە؛ و*

*هەر دڕک و داڵی بوونە مایەی دڵخۆشیم.*

شاعیر لە زمان دەنگەشیعرییەکەیەوە باس لە گەڕانەوە بۆ لای یاری خۆی (گوڵەباغەکەی من) دەکات، و سەرباری ئەوەی یارەکەی لێی لالووتە و لە بەر ئیرەییبردن بە پەیوەندیی شاعیر بە گوڵێکی ترەوە ئاوڕی لێ ناداتەوە، شاعیر دڵی بە دڕک و داڵی ئەو گوڵە خۆشە. لێرەدا پەیوەندییەکی ئاشقانەی ڕاستەقینە، تەنانەت ئەگەر تفتوتاڵی و ناخۆشیشی تێدا بێت، لە چاو پەیوەندییەکی نائاشقانەی درۆئامێز، کە شیرینیش بێت، بە باشتر لە قەڵەم دراوە. ئەم شیعرەی بلەیک پێمان دەڵێ، لە خۆشەویستیی ڕاستەقینەدا ، (true love)ئەوەی دەور دەگێڕێت ڕاستیی و خۆنەویستییە نەک بەرژەوەندیخوازیی و ئاسوودەیی. "دڕک و داڵ" هێمای تاڵییەکانی ژیانی ئاشقانەن، بەڵام گرینگ ئەوەیە ئاشق هەر بەو دڕک و داڵە دڵی

خۆشە و ئاسوودەیی خۆی لە پەنا گوڵە بەدڕک و داڵەکەی خۆیدا دەبینێت، نەک گوڵێک کە پێشکەشی کرا بێت و تەنانەت لە گوڵی بەهاریش جوانتر بێت. ئەم ڕوانگەیە هیومانیستییەی ویلیام بلەیک، عیشقی مرۆیی لە سەرووی پەیوەندیی نێوان تەنیا نێر و مێ یان تێکەڵاوییەکی جیسمی و/یان جینسی لە قەڵەم دەدا. لێرەدا عیشق سنووری ڕەگەز و چێژ دەبەزێنێت و تا ئاستی ئاوێتەبوونی دوو وجوودی ئینسانی بەرز دەبێتەوە.

بێرۆکەیەکی سەرەکیی تری شیعری بلەیک دژایەتیکردنە لەگەڵ ئەو کەس و دامەزراوانەی کە بە ناوی دینداری و لە ژێر دەمامکی پیرۆزێتیی ئاینی تەنگ بە مرۆڤەکان هەڵدەچنن و ژیان و هەڵسوکەوتی مرۆییی ئەوان بە پێوەری باش و خراپ و ڕەش و سپی هەڵدەسەنگێنن. بلەیک باوەڕێکی قووڵی بە ئازادیی مرۆڤ و ئازادیی هزری مرۆیی هەیە و ئەمانە بە بەرەکەتی خوداوەندی دەهێنێتە ئەژمار. ئەو بە پێچەوانەی بازرگانانی دین و بەرپرسانی ناوەندە دینییەکان، ڕێزی بێسنووری بۆ کەرامەتی سەربەخۆی مرۆڤ هەبوو. بۆ نموونە، بلەیک پێی وابوو لەش و مەیلی جیسمانیی مرۆڤ بەهای خۆی هەیە، و نابێت خواستی مرۆڤ بۆ چێژوەرگرتن لە ژیان بە گەزی تابووە دینییەکان بپێورێت. هەڵبەت لە هەمان کاتیشدا، ئەو پێی وابوو نوقمبوون لە مەیلی سنووربەزێنی دنیاخوازی و تێوەگلان لە لەزەتە هەوسارپچڕاوەکانی ئەم جیهانە مرۆڤ تووشی قەیرانی وجوودیی دەکات. هەر بۆیە. نە ملی بۆ ڕێسای دیندارانی ڕووکەشبین کەچ دەکرد، نەش خوازیاری دەستشوشتنەوەی یەکجارەکی لە لایەنی ڕۆحی و مەعنەویی ژیان بوو. لە ڕوانگەی بلەیکەوە، مەعنەوییەت و پاقژیی ژیانی مرۆڤ پەیوەندیی بە ڕێسا و یاساکانی دیانەتەکان و ئەهلی شەریعەت و تەریقەتەوە نییە. مرۆڤ خۆی بۆی هەیە داهێنەری دین و ئیمانی خۆی بێت و هێزێکی گەورەی مەعنەوی لە ناخی خۆیدا چێ بکات و بە پێی ویستی ئەو هێزە، بەرنامە و ڕەوت و ئاراستەی ژیانی خۆی دیاری بکات. هەر ئەو بڕوایەش وای لە بلەیک کردبوو کە لە ژیانی شەخسیی خۆیدا ئەسڵە ڕەقوتەقەکانی شەرع وەلاوە بنێت و پتر لە سەر بنەمایەکی مرۆیانە و ئاشقانە ژیان و مرۆڤەکانی دەوروبەری خۆش بوێت. ئەم شێوە لە هزرین و هەڵسوکەوتەی بلەیک، لە شیعرەکانیدا بە شێوەی ڕەخنە لە دامەزراوە و کەسە دینپارێزەکان خوویا دەبێت. بۆ وێنە، بڕواننە ئەم شیعرە کورتەی، بە ناوی "بەفری نەرمونیان:"

*ئەوێ ڕۆژێ بەفر باری و چوومە دەرێ؛*

*گوتم، بەفری نەرمونیان، با بە کایە کاتی خۆش ببەینە سەرێ.*

*کیژی بەفر کایەی کرد و لەوپەڕی گەشانەوەیدا توایەوە،*

*زستان وتی ئەم گەمەیە تاوانێکی ترسناکە بە لایەوە.*

ئەم شیعرە پیشاندەری دژایەتیکردنی بلەیکە لەگەڵ دەسەڵاتی مەسیحییەتی زاڵ بە سەر سەردەمی ژیانی ئەو، بەربەرەکانیکردن لەگەڵ کلێسا وەکو هێمای ئەو دەسەڵاتە، کلێسایەکی کۆنەپارێز و مێشکڕزیو کە دژی هەر چەشنە پێشکەوتێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری و دواجار سیاسیی بوو . لە هەمان کاتدا، شیعری "بەفری نەرمونیان" پەسندی هێزی سروشتیی مرۆڤ بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری لە ڕەوتی ژیان و جیهان دەکات. دەنگی شیعریی (یان شاعیر خۆی) لە ڕۆژێکدا کە بەفر دەبارێ، بۆ دۆزینەوەی چەند ساتێکی خۆش ڕوو دەکاتە دەرەوە و کایە لەگەڵ/بە کچی بەفر دەکات، و ئەنجامی سروشتیی ئەم گەمە و ڕابواردنەش توانەوەی بەفرە. لێرەدا شاعیر ئەوەی بە لایەوە گرینگە ڕابواردنە لەگەڵ سروشت؛ ئەوەش ئەو شتەیە کە لە هەر مرۆڤێکی دڵشاد و لەشساغ و دەروونئارام چاوەڕێ دەکرێت. بەڵام لەناکاو زستان، نوێنەری هێز و دامەزراوە کۆنەپارێزەکانی مەسیحییەت، یەک لەوان کلێسا، بۆ ئەم دیاردە سروشتی و ئاساییەی نێوان مرۆڤ و سروشت بڕیار دەردەکات و دەڵێ، گۆڕانکاریی (توانەی بەفر بە دەم کایەکردن لەگەڵ مرۆڤ) حەرام و بگرە جینایەتیشە.

ئەم پشتگیرییەی بلەیک بۆ دروستکردنی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە کۆمەڵ و کولتوور و سیاسەتی سەدەی هەژدەی زایینی، ئەو سەدەیەی گەورەترین شۆڕشی گۆڕانکاریسازی جیهان، واتە شۆڕشی فەرەنسە (١٧٨٩)، تێیدا ڕووی دا، لە ڕێگای پشتکردنە دامەزراوە مورتەجیعە دینییەکان و ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتدارانی کلێسانشین جارێکی تر سەلمێنەری بیرۆکەی ئەم کورتەپێشەکییەیە کە بلەیک تا سەر ئێسک باوەڕی بە مرۆڤ-تەوەری و ئاشقانەژیانە. لە شیعری بلەیک-دا سروشت هێزی هاندەری مرۆڤە بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ئاخێزگەی ڕاستەقینەی ژیانی مرۆیی کە بریتییە لە عیشق. ژیان بۆ بلەیک واتە باغی ئەوین، گوڵستانێک پڕاوپڕی گوڵ و غونچە و گژوگیا، بەڵام مەخابن ئەو باغە گەلێ جاران مڵەی نەزانیی و کۆنەپەرەستیی (قەشەی عابارەش) لێی دەدات و ڕەگوڕیشەی حەز و ئاواتی گوڵەکانی دەقرتێنێ، وەکو چۆن شیعری "باغی ئەوین" نیشانمان دەدا :

*ڕۆیشتم بۆ باغی ئەوین،*

*ئەوی هەرگیز نەمبینیبوو لەوێ بینیم:*

*لەو شوێنەی پێشتر گۆڕەپانی سەرسەوزی گەمەی من بوو*

*کڵێسەیەک قوت بووبۆوە.*

*درگای کڵێسە گشت گاڵە درابوون، و*

*لە بان درگا "تۆ نابێ و ناشێ" نووسرابوو؛*

*کە واتە من بۆ ئەو باغە ئەوینە گەڕابوومەوە*

*پێشتر گەلێ گوڵی جوانی لێ ڕوابوو.*

*بینیشم ئەو باغە سەرتاسەری گۆڕ بوو،*

*سەرتاسەر کێل، ئەو شوێنەی دەبوا ببێتە گوڵستانێک،*

*قەشەش بە عابای ڕەشەوە تەراتێنیان تیا دەکرد، و*

*خۆشی و خەونەکانی منیان بە دڕک و داڵەوە دەبەست.*

******

ئەم کۆمەڵەشیعرە وەرگێڕدراوەش بە هەمان شێوەی کۆمەڵەشیعری وەرگێڕدرواى "چلچرای غەزەلە ئاشقانەکانی ویلیام شێکسپیر"، چاپی وەشانخانەی مانگ، ٢٠١٤، بە شێوەی دووزمانە (کوردی-ئینگلیزی) دەکەوێتە بەر دەست و چاوی خوێنەرەوەی وردبین و تامەزرۆ. هیوادارم ئەم هەوڵ و هەنگاوە خاکەڕایانەشم جێی سەرنج و ڕەزامەندیی ئاشقانی شیعری داهێنەرانە و ڕەسەنی جیهانیی بێت. ئەوە ئێوە و ئەوەش "سپپارەی سترانە ئاشقانەکانی ویلیام بلەیک."

**عەبدولخالق یەعقووبی/ هەولێر، زانکۆی نۆلج/ بەفرانباری ٢٠١٩**

**باغی ئەوین**

ڕۆیشتم بۆ باغی ئەوین،
ئەوی هەرگیز نەمبینیبوو لەوێ بینیم:
لەو شوێنەی پێشتر گۆڕەپانی سەرسەوزی گەمەی من بوو
کڵێسەیەک قوت بووبۆوە.

درگای کڵێسە گشت گاڵە درابوون، و
لە بان درگا "تۆ نابێ و ناشێ" نووسرابوو؛
کە واتە من بۆ ئەو باغە ئەوینە گەڕابوومەوە
پێشتر گەلێ گوڵی جوانی لێ ڕوابوو.

بینیشم ئەو باغە سەرتاسەری گۆڕ بوو،
سەرتاسەر کێل، ئەو شوێنەی دەبوا ببێتە گوڵستانێک،
قەشەش بە عابای ڕەشەوە تەراتێنیان تیا دەکرد، و
خۆشی و خەونەکانی منیان بە دڕک و داڵەوە دەبەست.




**The Garden of Love**

I went to the Garden of Love,

And saw what I never had seen:

A Chapel was built in the midst,

Where I used to play on the green.

And the gates of this Chapel were shut,
And “Thou shalt not” writ over the door;
So I turn'd to the Garden of Love,
That so many sweet flowers bore.

And I saw it was filled with graves,
And tomb-stones where flowers should be:
And Priests in black gowns, were walking their rounds,
And binding with briars, my joys & desires.

# بزە

بزەیەک بزەی ئەڤینە،
بزەیەکیش بزەی فریو؛
بزەیەکیش شابزەی هەرچی بزەیە،
ئەوکاتەی بزەی ئەڤین و بزەی فریو تێکەڵ دەبن.

مۆنییەک پێی دەڵێن مۆنیی نەفرەت،
مۆنییەکیش پێی دەڵین مۆنیی بێزاری؛
مۆنییەکیش، کە باڵادەستی هەرچی مۆنییە،
ئەو مۆنییەی بێهوودە هەوڵی بۆ دەدەی لە بیری کەی،

لە بەر ئەوەی لە قووڵترین توێژی دڵدا جێگیر دەبێ،
لە نێو مۆخی بڕبڕەی پشتی مرۆڤدا.
هیچ بزەیەکیش هەرگیز نەبۆتە بزە،
مەگین تاقە بزەیەکی تاک و تەنیا،

کە لە نێوان خەوی لانکە تا خەوی گۆڕ
تەنیا جارێک بۆی هەیە ببێتە بزە.
بەلام گەر بێت و تاقە جارێک ببزوێ
هەرچی ڕۆژەڕەشییە کۆتایی پێدێ.

## The Smile

There is a Smile of Love,

And there is a Smile of Deceit;

And there is a Smile of Smiles,

In which these two Smiles meet.

And there is a Frown of Hate,

And there is a Frown of disdain;

And there is a Frown of Frowns

Which you strive to forget in vain,

For it sticks in the Hearts deep Core,

And it sticks in the deep Back bone.

And no Smile that ever was smild,

But only one Smile alone,

That betwixt the Cradle & Grave

It only once Smild can be.

But when it once is Smild

Theres an end to all Misery.

## بۆ بەرەبەیان

ئەی کچی پاکیزەی پیرۆز!

تێوەپێچاو لە پاک و پاڵاوتەترین سپێتیدا،

دەروازە زێڕینەکانی ئاسمان بخەرە سەر پشت،

وەرە پێشێ؛

ئەو سپێدەیە بەخەبەر بکەرەوە کە وا لە بەهەشتەکەی خوادا دەخەوێ؛

لێگەڕێ با ڕۆشنایی لە ژوورەکانی ڕۆژهەڵاتەوە ڕاسێ، و

ئەو ئاونگە هەنگیناوییەن بۆ بێنێ کە لە سەر دەستی ڕۆژی بەخەبەرەوە دێتە ئارا.

ئەی سپێدەی درەوشاوە،

دەستی مەرحەبایەک بۆ هەتاو هەڵبڕە،

ئەو هەتاوەی لە چەشنی نێچیرەڤانێک شوێنپێی ڕاوەکەی هەڵدەگرێ،

بەو پێیە بەچەکمانەشت

لە بان دۆڵەکانی ئێمە خۆ بنوێنە.

## To morning

O holy virgin! clad in purest white,

Unlock heav'n's golden gates, and issue forth;

Awake the dawn that sleeps in heaven; let light

Rise from the chambers of the east, and bring

The honey'd dew that cometh on waking day.

O radiant morning, salute the sun

Rous'd like a huntsman to the chase, and with

Thy buskin'd feet appear upon our hills.

## بۆ بەهار

ئەی ئەوەی بە زوڵفی ئاونگ لێدراوت

لە پشت پەنجەرەی ڕووناکی سپێدەوە لێن دەڕوانی!

دوو چاوی فریشتەئاسات بڕیوەتە دوورگەی ڕۆژاوایی ئێمە،

کە وێڕای هاودەنگەکانی شاباشی نیزیکبوونەوەی هەنگاوەکانی تۆ دەکەن،

ئای ئەی بەهار.

گردەکان خەریکن یەکتر دەدوێنن، و

دۆڵەکانیش بە تامەزرۆییەوە گوێیان هەڵخستووە،

چاوی پڕ لە شەوقی ئێمە بەرەو ژووره ڕۆشنەکانی تۆ وەرسووڕاون،

وەرە پیشێ، و

لێگەڕێ با پێیە پیرۆزەکانت سەردانی ولاتی مە بکەن.

ڕوو بکەرە گردەکانی ڕۆژهەڵات، و لێگەڕێ تا

با-یەکانی ئێمە باڵاپۆشە بۆنخۆشەکانی تۆ ماچ بکەن؛

لێگەڕێ با تامی هەناسەی سپێدە و ئێوارەوەختی تۆ بکەین؛

دەنکە مرواربیەکانی خۆ بە سەر وڵاتی ئێمەدا ببارێنە،

ئەو وڵاتەی گیرۆدەی عیشقی تۆ بووە، و هەر بۆ تۆ گەرمەشین دەکا.

به ئەنگوستی بلاوێنت وڵاتی مە ڕەنگین و ڕازاوە بکە؛ و

ماچی نەرمونیانی خۆ بڕژێنە بە سەر سینگ و مەمکیدا، و

تاجی زێڕینی خۆت لە سەر ئەو سەرە خەمۆکە دانێ

کە پرچی پڕشەرمی سەبارەت بە تۆ هۆنیوەتەوە!

## To Spring

O thou with dewy locks, who lookest down
Through the clear windows of the morning, turn
Thine angel eyes upon our western isle,
Which in full choir hails thy approach, O Spring!

The hills tell one another, and the listening
Valleys hear; all our longing eyes are turn’d
Up to thy bright pavilions: issue forth
And let thy holy feet visit our clime!

Come o’er the eastern hills, and let our winds
Kiss thy perfumèd garments; let us taste
Thy morn and evening breath; scatter thy pearls
Upon our lovesick land that mourns for thee.

O deck her forth with thy fair fingers; pour
Thy soft kisses on her bosom; and put
Thy golden crown upon her languish’d head,

Whose modest tresses are bound up for thee.

## بۆ ئەستێرەی دەمەوئێوارە

ئەی فریشتەی زوڵف ئاوریشمینی دەمەوئێوارە
ئێستا، کە خۆر لە سەر دوندی چیاکانە و پشوو دەدا،
مەشخەڵی پڕتینی عیشقی خۆت گڕ بدە و
تاجی تیشکپڕژێنی خۆ لە سەر بنێ، و
لەو بانەوە بۆ سەرجێییەکانی دەمەوئێوارەمان پێبکەنە !
بۆ ئەڤین و دڵداریمان بزە بخە سەر لێوانت؛
لە کاتی دادانەوەی پەردەی شینی ئاسمان
ئاونگی زیوینی دەستت بوەشێنە
بە سەر هەر غونچەگوڵێ وا چاوی جادووی
لە چرکەساتی خەونوچکە دەقووچێنێ.
دە لێگەڕێ با بای دەبووری لە مەڕ تۆ
لە بان زەریاچە خەوی خۆش بیباتەوە؛
بێدەنگ بدوێ بەو چاوانەت کە جریوە جریویانە، و
ڕۆژاوا بە زیو بشۆوە.
بەم زووانە، هەر گەلێ زوو،
ئەم ناوە جێ دەهێڵیت و دەچیتەوە؛
ئەوکات گورگ بە ڕقەوە دەلوورێنێ، و
شێر لە نێو دارستانی خۆڵەمێشیدا زەق دەڕوانێ.
خوریی مێگەلی ئێمە

لە ئاونگی پیرۆزی تۆدا خووساوە؛

بە ودمی خۆت لە بەڵا بیانپارێزە.

## To the Evening Star

Thou fair-hair'd angel of the evening,
Now, whilst the sun rests on the mountains, light
Thy bright torch of love; thy radiant crown
Put on, and smile upon our evening bed!
Smile on our loves, and while thou drawest the
Blue curtains of the sky, scatter thy silver dew
On every flower that shuts its sweet eyes
In timely sleep. Let thy west wind sleep on
The lake; speak silence with thy glimmering eyes,
And wash the dusk with silver. Soon, full soon,
Dost thou withdraw; then the wolf rages wide,
And then the lion glares through the dun forest:
The fleeces of our flock are cover'd with
Thy sacred dew: protect them with thin influence!

## بەفری نەرمونیان

ئەوێ ڕۆژێ بەفر باری و چوومە دەرێ؛

گوتم، بەفری نەرمونیان، با بە کایە کاتی خۆش ببەینە سەرێ.

کیژی بەفر کایەی کرد و لەوپەڕی گەشانەوەیدا توایەوە،

زستان وتی ئەم گەمەیە تاوانێکی ترسناکە بە لایەوە.

## Soft Snow

I walked abroad in a snowy day;

I asked the soft snow with me to play;

She played and she melted in all her prime,

And the winter called it a dreadful crime.

## بەهار

وەدەنگی بێنە ئەو نەیە!

کە وا ئێستاکە خامۆشە.

باڵندە سەرخۆش و شادن

بە ڕۆژ و شەو.

بولبول

لە نێو دەرە و دۆڵدا،

کڵاوکوڕە لە ئاسمان،

سەرخۆشانە،

سەرخۆشانە، سەرخۆشانە نەورۆزمان لێ پیرۆز دەکەن.

کوڕە پڕ لە شادمانی

کیژۆڵە

وردیلە و شیرین.

ئەوە کەڵەشیر دەخوێنێ،

تۆش وەرە و تێی چریکێنە.

ئەوەتا دەنگەدەنگی شاد،

نووکەنووکی زارۆکانە،

سەرخۆشانە، سەرخۆشانە نەورۆزمان لێ پیرۆز دەکەن.

بەرخۆلە بچکەلانەکەم

من ئەوەتام

وەرە و بلێسەوە ملی سپی و سۆلم.

لێگەڕێ با قژی نەرمی تۆ ڕاکێشم.

لێگەڕێ با ڕوخساری نەرمت ماچ بکەم،

جا ئەو کاتە،

سەرخۆشانە، سەرخۆشانە نەورۆز لە یەک پیرۆز دەکەین.




**Spring**

Sound the Flute!

Now it’s mute.

Birds delight

Day and Night.

Nightingale

In the dale

Lark in Sky

Merrily

Merrily Merrily to welcome in the Year.

Little Boy

Full of joy.

Little Girl

Sweet and small.

Cock does crow

So do you.

Merry voice

Infant noise

Merrily Merrily to welcome in the Year.

**بەور**

بەور، بەور، تۆ، ئەی بەور!

پزیسکی ئاگر لە دارستانی شەودا،

کام دەست یان کام چاوی هەرمان

تەکووزیی ترسناکی تۆی داهێنا!؟

******

لە کام قووڵایی یان ئاسمانانی دوور

ژیلەمۆی ئاگری چاوانتی داگیرساند

بە سەر کام باڵدا ورەی هێنایە بەرخۆ هەڵبزنێت!؟

بە کام پەنجە دەستی لە ئاگرت وەراند!؟

*******

کام شان و باهۆ، کام فرتوفێڵ وێرایان

تانوپۆی هەزارتوێی دڵت دابرێژن!؟

لەو ساتەشدا کە وا دڵت کەوتە ترپە

کام دەست و پێی سامناکی خستە جووڵە!؟

*******

بە کام پەتک، کام ئاسندان، کامە زنجیر

مێشکت لە کام کوورەی ئاگردا بیچمی گرت!؟

کام چنگی بەهێز ورەی ئەوەی تێدا بوو

روخساری مەرگهێنی تۆ بگرێتە خۆ!؟

**********

ئەو کاتەی ئەستێرە سپەریان فڕێ دا و

ئاسمانیان بە فرمێسکی چاوەکانی خۆ شوشتەوە،

ئایا بزەی هاتێ ئەو دەمەی کە دەسکردی خۆی بینی!؟

ئایا ئەوەی بەرخی خوڵقاند نەخشی تۆیشی داڕشتووە!؟

**********

بەور، بەور، تۆ ئەی بەور!

پزیسکی ئاگر لە دارستانی شەودا ،

کام دەست یان کام چاوی هەرمان

تەکووزیی ترسناکی تۆی داهێنا!؟




**The Tyger**

Tyger Tyger, burning bright,

In the forests of the night;

What immortal hand or eye,

Could frame thy fearful symmetry?

In what distant deeps or skies.

Burnt the fire of thine eyes?

On what wings dare he aspire?

What the hand, dare seize the fire?

And what shoulder, & what art,

Could twist the sinews of thy heart?

And when thy heart began to beat,

What dread hand? & what dread feet?

What the hammer? what the chain,

In what furnace was thy brain?

What the anvil? what dread grasp,

Dare its deadly terrors clasp!

When the stars threw down their spears

And water'd heaven with their tears:

Did he smile his work to see?

Did he who made the Lamb make thee?

Tyger Tyger burning bright,

In the forests of the night:

What immortal hand or eye,

Dare frame thy fearful symmetry?

No automatic alt text available.

## پێنجشەممەی پیرۆز

ئایا ئەوەیە ئەو شتە پیرۆزەی بایی بینین بێت،

لە وڵاتێکدا کە خێری فراوانە و سامانی زۆر.

لە کاتێکدا مناڵانی ڕەشوڕووتن،

زگێک تێر و زگێک برسی

بە نانەڕەقەی دەستی ساردی بەرتیلخۆر؟

ئایا ئەم هاوارە لەرزۆکە سترانە؟

ئایا دەشێ ئەم هاوارە ببێتە ئاوازی شادی؟

بەم هەموو منداڵە هەژار و داماوە؟

بەڵێ، ئێرە وڵاتێکە پڕ لە نەداریی و نادادیی!

بەڵێ، خۆری ئەوان هەرگیزاوهەرگیز هەڵنایەت.

بەڵێ، کێڵگەی ئەوان وشک و ڕوو لە گڤەگڤی بایە.

ڕێگایان ڕژد و ئەستەم و دڕووڕێژە،

بەڵێ، ئێرە وڵاتێکە زستانی هەتاهەتایە.

ئەو وڵاتەی هەتاوی هەمووکاتێ بدرەوشێتەوە،

ئەو وڵاتەی بارانی چرکەبەچرکە دابباریٚ:

مناڵانی هەرگیز برسی ناچنەوە ماڵ،

ئارامی بە هۆی هەژاری لە گیانی مرۆ ناتاریٚ.



**Holy Thursday**

Is this a holy thing to see,

In a rich and fruitful land,

Babes reducd to misery,

Fed with cold and usurous hand?

Is that trembling cry a song?

Can it be a song of joy?

And so many children poor?

It is a land of poverty!

And their sun does never shine.

And their fields are bleak & bare.

And their ways are fill'd with thorns.

It is eternal winter there.

For where-e'er the sun does shine,

And where-e'er the rain does fall:

Babe can never hunger there,

Nor poverty the mind appall.

## جێم بهێڵە لەگەڵ پەژارە و پەرۆشیم

جێم بهێڵە، جێم بهێڵە لەگەڵ پەژارە و پەرۆشیم؛
من هەر لێرە دەمێنمەوە لە تەک ئازار و ناخۆشیم،
تا وام لێبێ جگە لە ڕۆحێکی شەکەت چیتر نەبم، و
ئەم جەستە لەقوڕ چێکردەم بدۆڕێنم.

پاشان گەر بێت و بەختی من
لە نێو ئەم دارستانەدا و
بە نێو کوێرەڕێیەکانا ڕێگە ببڕێ،
بە نێو تاریکییەکاندا
سێبەری من دەبینێت و دەنگم لە بان شنەبایەوە دەبیسێ.

## Leave, O leave me to my sorrows

LEAVE, O leave me to my sorrows;
Here I’ll sit and fade away,
Till I’m nothing but a spirit,
And I lose this form of clay.

Then if chance along this forest
Any walk in pathless ways,
Thro’ the gloom he’ll see my shadow
Hear my voice upon the breeze.

## ئەڤین لە ئاست هەڵە و پێ خلیسکاندا چاوی کۆرەیە

ئەڤین لە ئاست هەڵە و پێ خلیسکاندا چاوی کۆرەیە،
هەموو کاتێ ڕووی لە شادی و سەرخۆشییە،
بێ یاسایە و بە ئاسمانەوە دەفڕێ،
شەیداسەرە، و
چی زنجیری مێشکە لێکی هەڵدەپچڕێ.

فریو شت دەشارێتەوە و گۆشەگیرە،
خاوەن یاسایە؛ وشیار و پاڵاوتەیە،
لە حاند هەرچی شتە جگە لە بەرژەوەندی چاوی کۆرەیە؛
مێشک لە بن دەستیدا پێ بەزنجیرە.

## Love to faults is always blind

LOVE to faults is always blind;
Always is to joy inclin'd,
Lawless, wing'd and unconfin'd,
And breaks all chains from every mind.

Deceit to secrecy confin'd,
Lawful, cautious and refin'd;
To anything but interest blind,
And forges fetters for the mind.

## لە نێو دڵی دۆڵە دەستەمۆنەکراوەکاندا

کاتێک لە نێو دڵی دۆڵە دەستەمۆنەکراوەکاندا

بە نەی سترانی پڕپڕ خۆشم دەژەنی،

مناڵێکم بینی بە سەر هەورێکەوە؛

بزەیەکی هاتێ و گوتی:

"ئاوازێکم لە سەر بەرخ بۆ بژەنە".

منیش بە خۆشییەکی تژی لە شادمانی ژەنیم.

"ئەرێ نەیژەن، جارێکی تر ئەم ئاوازە بژەنەوە".

ژەنیمەوە؛ بە بیستنی [گەلێ] گریا.

"ئەو نەیەت فڕێ دە نەیژەن، ئەو نەیە شاد و خۆشحاڵەت؛

سترانی پڕ لە شادمانیم بۆ بچڕە".

هەمان سترانم بە دەنگی خۆ بۆ چڕی،

ئەویش بیستی و سەرخۆشانە [گەلێ] گریا.

"ئەرێ نەیژەن، دابنیشە و ئەم سترانە بنووسەوە

بۆ ئەوەی هەموو بتوانن بیخوێننەوە"-

ئەمەی گوت و لە بەر چاوی من بزر بوو.

منیش قامیشێکم هەڵگرت،

قەڵەمیکی گوندییانەم لێ چێ کرد، و
ئاوی پاکم بۆ ڕەنگاند، و
سترانە دڵخۆشەکانم نووسینەوە
بۆ ئەوەی هەرچی منالّە بە بیستنی دڵی خۆش بێ.




**Piping Down the Valleys Wild**

Piping down the valleys wild,

   Piping songs of pleasant glee,

On a cloud I saw a child,

   And he laughing said to me:—

"Pipe a song about a lamb:"
So I piped with merry cheer.
"Piper, pipe that song again:"
So I piped: he wept to hear.

"Drop thy pipe, thy happy pipe,
Sing thy songs of happy cheer!"
So I sang the same again,
While he wept with joy to hear.

"Piper, sit thee down and write
In a book, that all may read—"
So he vanished from my sight;
And I plucked a hollow reed,

And I made a rural pen,
And I stained the water clear,
And I wrote my happy songs
Every child may joy to hear.

## درەختێکی ژەهرین

لە دۆستی خۆ تووڕە بووم و
ڕاشکاوانە تووڕەیی خۆم شانی دا؛
کەفوکوڵی تووڕەییم نیشتەوە هەر زوو.
لە دوژمنی خۆ تووڕە بووم،
دەنگم نەکرد و تووڕەیی خۆم شاردەوە؛
تووڕەیی من بوو بە تووڵەنەمامێکی گەشەسەندوو.

بە ترس و دڵەڕاوکێوە ئاوم دێرا،
بە ڕۆژ و شەو بە فرمێسکی چاوی گریاو؛
تیشکی خۆری بزەم تێگرت،
بزەی نەرمونیانی پڕفریو و داو.

تووڵەنەمام باڵای کرد و گەشایەوە،
بە رۆژ، بە شەو.
تا بەری بوو بە سێو، و درەوشایەوە؛
دوژمنەکەم هەستی بە درەوشانەوەی دارسێوم کرد.

هاتە باخی ماڵەکەم و سێوی دزی

ئەو کاتەی شەو دنیای لە ئامێز گرتبوو.

بەیانی زوو بە بینینی دوژمنی خۆ خەنیمەوە؛

وا کەوتبوو

لە ژێر درەختی ژەهرینم مات و مردوو.



**A Poison Tree**

I was angry with my friend;

I told my wrath, my wrath did end.

I was angry with my foe:

I told it not, my wrath did grow.

And I waterd it in fears,

Night & morning with my tears:

And I sunned it with smiles,
And with soft deceitful wiles.

And it grew both day and night.
Till it bore an apple bright.
And my foe beheld it shine,
And he knew that it was mine.

And into my garden stole,
When the night had veild the pole;
In the morning glad I see;
My foe outstretched beneath the tree.

## ستران

چەندە سەرخۆش و شادمان

لەم کێلگەوە بۆ ئەو کێلگە دەگەڕام، و

سەربەرزیی هاوینم هەموو دەچێژی؛

تا شازادەی ئەڤینم دی،

کە لە تیشکەکانی خۆرەوە دەخلیسکایە خوارەوە.

گوڵەشلێری شانم دا بۆ ئەگریجەم،

گوڵەباخی شەرمنیش بۆ نێوچەوانم؛

ڕێگای دامێ بچمە سەیری باخی دڵڕفێن و تازەی،

ئەوێ شوێنێ کە خۆشییە زێڕینەکان باڵا دەکەن.

باڵم بە شەونمی شیرینی هەیڤی گوڵان تەڕ ببوو،

خۆر ئاگری لە خرۆشی گیانم بەردا؛

منی خستە نێو تۆڕی ئاوریشمینی، و

لە قەفەزی زێڕینیدا بەندی کردم.

حەزی لێیە بە لامەوە دانیشێت و

گوێ بداتە سترانی من؛

لە پاشان دەم بە پێکەنین، دەسبازیم لە گەڵدا بکا؛

ئینجا بای باڵە زێڕینەکانم دەدا و

گاڵتە بە سەربەستیی دۆڕاوم دەکا.

## Song: How sweet I roam'd from field to field

How sweet I roam'd from field to field,
        And tasted all the summer's pride,
'Till I the prince of love beheld,
        Who in the sunny beams did glide!

He shew'd me lilies for my hair,
        And blushing roses for my brow;
He led me through his gardens fair,
        Where all his golden pleasures grow.

With sweet May dews my wings were wet,
        And Phoebus fir'd my vocal rage;
He caught me in his silken net,
        And shut me in his golden cage.

He loves to sit and hear me sing,

Then, laughing, sports and plays with me;

Then stretches out my golden wing,

And mocks my loss of liberty.

## ستران: ئەڤین و هاوسەنگی ئاوێتەی یەک دەبن

ئەڤین و هاوسەنگی ئاوێتەی یەک دەبن، و
بە دەوری گیان و ڕۆحمان دەسووڕێنەوە،
ئەو کاتەی لق و پۆپی تۆ تێکەڵ بە لق و پۆپی من دەبن، و
ڕەگوڕیشەمان لە یەکتری دەهاڵێن.

خۆشییەکان لە سەر لق و پۆپەکانی ئێمە هەڵدەنیشن،
بە دەم جریوە جریو و سترانی دڵنشینەوە؛
وەک جۆگەلەئاوەکانی نەرمڕەوی ژێرەپامان
بێتاوانی و چاکەکاری بە دیداری یەک شاد دەبن.

تۆ میوە زێڕینەکانت بەر دەگرن، و
من گوڵی گەش دەمگرنە خۆ؛
لق و پۆپی نازداری تۆ هەوا پڕ بۆنی خۆش دەکەن،
کۆترەباریکەش دێت و هێلانە لەوێندەر چێ دەکا.

ئەو لەوێندەر دادەنیشێ و خواردن دەداتە زارۆکی؛
من گوێم لە ئاوازی پڕئازار و دڵنشینی ئەوە؛
ئەڤین لە نێو گەڵا نازدارەکانی تۆدا لانەی کردووە؛
گوێم لە چپە و سرتەیەتی.

هێلانەی ڕازاوەی وی لەوێندەر دایە؛

شەو لەوێندەر ئارام دەگرێ و پشوو دەدا؛

ڕۆژ لەوێندەر سەرخۆشانە بە سەر دەبا، و

هەر لە نێو لق و پۆپەکانی ئێمەدا کایە دەکا.

## Song: Love and harmony combine

LOVE and harmony combine,

And around our souls entwine

While thy branches mix with mine,

And our roots together join.

Joys upon our branches sit,

Chirping loud and singing sweet;

Like gentle streams beneath our feet

Innocence and virtue meet.

Thou the golden fruit dost bear,

I am clad in flowers fair;

Thy sweet boughs perfume the air,

And the turtle buildeth there.

There she sits and feeds her young’

Sweet I hear her mournful song;

And thy lovely leaves among,

There is love, I hear his tongue.

There his charming nest doth lay,

There he sleeps the night away;

There he sports along the day,

And doth among our branches play.

## ستران: ئەی بیرەوەری، وەرە پێش

ئەی بیرەوەری، وەرە پێش،
نۆتە دڵبزوێنەکانی خۆ کۆک بکە، و
لە ئەو کاتەی بە سەر شانەکانی با-دا
مۆسیقای تۆ چەشنی شەپۆل دەشنێتەوە،
من لە جۆباران دەڕوانم،
ئەو شوێنەی وا دڵدارە دڵبەداخەکان
نوقمی خەون و خولیا دەبن؛
لەوێندەر خەریکی ڕاوەخەیاڵ دەبم،
کاتێک دێن و تێدەپەڕن،
لە نێو شووشەیی ئاویندا.

لە ئاوی جۆباری زوڵاڵ دەخۆمەوە، و
گوێ بۆ چریکەی باڵندان ڕادەدێرم،
تا ئێوارەدرەنگانێ
لەوێندەرێ رادەکشێم و
نوقمی خەون و خولیا دەبم.
کە ڕۆژ ئاوا دەبێ و شەوم بە سەردا دێ،
لە کاتێکدا پڕپڕسەوداسەر و خامۆش
بە کەنار دۆڵی تاریکدا ڕێگە دەبڕم،

ڕوو دەکەمە هەر شوێنێکی شایستەی پەژارە و خەم بێ .

## Song: Memory, hither come

Memory, hither come,
	And tune your merry notes;
And, while upon the wind,
	Your music floats,
I'll pore upon the stream,
	Where sighing lovers dream,
And fish for fancies as they pass
	Within the watery glass.

I'll drink of the clear stream,
	And hear the linnet's song;
And there I'll lie and dream
	The day along:
And, when night comes, I'll go
	To places fit for woe,
Walking along the darken'd valley,
	With silent Melancholy.

## ستران: ساڵی بەدەماخ و سەرخۆش

ساڵی بەدەماخ و سەرخۆش،
شادمان لەسۆنگەی گردی شەونمگرتوو،
بە سەر سەرمەوە بزەی دێتە سەر لێو، و
سواری فەیتوونی ئاگرینی خۆی دەبێ؛
درەختی هەمیشە سەوز،
دەوراندەوری برۆی تازەهەڵگیراوم،
سەیوانی نسێی هەڵداوە، و
شکۆی هەڵچوو بە دەوری سەرمەوە تیشک دەپرژێنێ.

پێیەکانم لێ دەبنە باڵ،
ئەو کاتەی لە سەر چیمەنی شەونم گرتوو
دەچمە ژووانی گراویم،
کە هەر دەڵێی سپێدەیە و ڕاست بۆتەوە:
بلا، پیرۆز بێ ئەو پێ موبارەکانە، لە چەشنی پێی فریشتەکان!
بلا، پیرۆز بێ ئەو پووز و بەلەکانەی بە تیشکی بەهەشتی خوا دەترووسکێنەوە!

وەک فریشتەیەک کە لە ئاسمانا بدرەوشێتەوە،
لە چرکەساتەکانی بێتاوانی و چێژی پیرۆزا.

شوانەی شەنگ و سەرودڵخۆش

کۆتایی بە سترانی پڕ لە پێزانینی خۆی دێنێ،

بۆ ئەوەی گوێی لە مۆسیقای سترانی فریشتەیەک بێ.

کە واتە ئەو کاتەی دڵدار دەمدوێنێ،

ئەوە گوێم لە دەنگی بەهەشتی خوا دەبێ؛

کە واتە ئەو کاتەی لە تەک دڵدارا پیاسە دەکەم،

چی ناپاک و ناڕەسەنە لێمان نیزیک نابێتەوە.

هەر کێلگەیەک وێدەچێ باغی بەهەشتی بابئادەم بێ،

هەر گوندێک وێدەچێ ژوانگەی پێیە پیرۆزەکان بێ.

بڕوانە بەڵام ئەو گوندە جوانەی

دڵدارە چاوڕەشەکەی من،

لە ژێر سێبەری شەویدا،

پێلووی چاوەکانی بۆ خەو دەنووقێنێ،

هەر جارە و ڕێم دەکەوێتە ئەو دەڤەرە،

پتر لە ئاگری هەرمان

ڕۆحم بڵێسە دەستێنێ، و

بۆ چڕینی سترانی ئەڤینی خۆم دەمورووژێنێ.

## Song: Fresh from the dewy hill, the merry year

FRESH from the dewy hill, the merry year
Smiles on my head and mounts his flaming car;
Round my young brows the laurel wreathes a shade,
And rising glories beam around my head.

My feet are wing'd, while o'er the dewy lawn,
I meet my maiden risen like the morn:
O bless those holy feet, like angels' feet;
O bless those limbs, beaming with heav'nly light.

Like as an angel glitt'ring in the sky
In times of innocence and holy joy;
The joyful shepherd stops his grateful song
To hear the music of an angel's tongue.

So when she speaks, the voice of Heaven I hear;
So when we walk, nothing impure comes near;

Each field seems Eden, and each calm retreat;

Each village seems the haunt of holy feet.

But that sweet village where my black-eyed maid

Closes her eyes in sleep beneath night’s shade,

Whene’er I enter, more than mortal fire

Burns in my soul, and does my song inspire.

## ستران: ئەو کاتەی سپێدەی بەیان بە باڵاپۆشێکی خۆڵەمێشییەوە

ئەو کاتەی سپێدەی بەیان بە باڵاپۆشێکی خۆڵەمێشییەوە،
هێور هێور دێتە پێشێ،
بلەز بەرەو دڵدارە چاوڕەشەکەی خۆم هەنگاو ئەنێم.
لەوکاتەیدا،
ئێوارە لە ژێر سێبەری نیوەتاریکی گراویم دادەنیشێ، و
هێواش هێواش چرکەساتەکانی بێدەنگی دەخاتە نێو ئامێزی ئاهێکەوە،
زایەڵەی دەنگی کەڵەزەنگی گوندی دێتە گوێ،
ملی ڕێگە دەگرم و دوور دەکەومەوە، و
دۆڵ لە سۆنگەی خەم و خەفەتی تاساوم
ڕوخساری ڕەش هەڵدەگەڕێ.

دەڕوانمەوە لەو گوندە ئازیزەی کە وا
لەوێندەر دڵدارە سیاچەمانەکەم
دڵۆپە فرمێسکێک لەژێر نسێی بێدەنگا دەڕێژێ، و
ئەو کاتەی کە مات و تاساو ڕێگە دەبڕم،
ئەستێرەی ڕەشی خۆ بە لەعنەت دەکەم، و
بۆ خەفەتی خۆشی هێنم هیوای خۆشبەختی دەخوازم.

گەلێ جاران هەڵدەکەوێ،

کاتێک هاوین لە نێو درەختەکانا خەو دەیباتەوە، و

چپەیەکی بە ئاستەم

لە گوێچکەی شنەبای لەڕولاوازدا دەزرینگێتەوە،

بە ئەمسەر و سەری گوندا دەخولێمەوە؛

گەر بێت و شانبەشانی یاری چاوڕەشم

کوڕە گەنجێکی پڕپڕ لە خۆشی و شانازیی دزراو هەنگاو بنێ،

من لێوانلێو لە ئازار و خەفەتی تاڵ،

ئەستێرەکانی بەختم بە نفرین دەکەم؛

لە بەر ئەوەی یاری منیان پایەبەرز و پێگەباڵا و

منیان نزم و ناچیزە کرد.

ئاخ گەر بێت و خۆشەویستم پێنەزان و بێوەفا بێ،

ئازای ئەندامی ئەو گەنجە پەل پەل دەکەم؛

چی ڕەحم و بەزەیی هەبێ

تووڕی هەڵدەدەمە هەوای پڕگەرمی وەکو ئاگر، و

نفرین لە بەختی خۆ دەکەم بۆ چارەنووسی ئاڵۆزم؛

لە پاشانا ئاسوودە سەر دەنێمەوە، و

[تا هەتایە] لە بیر دەکرێم.

## Song: When early morn walks forth in sober grey

WHEN early morn walks forth in sober grey,
Then to my black-eyed maid I haste away;
When evening sits beneath her dusky bow’r,
And gently sighs away the silent hour,
The village bell alarms, away I go,
And the vale darkens at my pensive woe.

To that sweet village, where my black-eyed maid
Doth drop a tear beneath the silent shade,
I turn my eyes; and pensive as I go
Curse my black stars and bless my pleasing woe.

Oft when the summer sleeps among the trees,
Whisp’ring faint murmurs to the scanty breeze,
I walk the village round; if at her side
A youth doth walk in stolen joy and pride,
I curse my stars in bitter grief and woe,
That made my love so high and me so low.

## سترانی پەرستار

ئەو کاتەی هاتوهاواری منالّەکان لە کێلگەوە دەبیسترێ و
چپە و سرتەیان لە دۆڵ و دەران دایە،
ڕۆژانی سەردەمی گەنجی لە گیانم دەبووژێنەوە؛
ڕەنگ بە ڕوومەوە نامینێ.

پاشان منالّان دەگەڕێنەوە بۆ مالّ؛
خۆر کەوتووە، و
ئاونگی شەو خۆ دەردەخەن؛
بەهار و ڕۆژانی ئەتۆ لە گەمەدا بەفیڕۆ چوون،
زستان و شەوانی تۆ لە خۆشاردنەوە.




**Nurse's Song (from Songs of Experience)**

When the voices of children are heard on the green

And whisp’rings are in the dale,

The days of my youth rise fresh in my mind,

My face turns green and pale.

Then come home, my children, the sun is gone down,

And the dews of night arise;

Your spring and your day are wasted in play,

And your winter and night in disguise.

## سترانی سەرشێت

با-یە وەحشییەکان فرمێسک دەڕێژن، و

شەو سەرما بردوویەتی؛

دە لێم وەرە پێشێ ئەی خەو!

ئازارەکانم بگرە خۆ.

بەڵام بڕوانە! سپێدە بە دزییەوە لێم دەڕوانێ،

بە سەر لێژاییەکانی رۆژهەڵاتەوە،ن و

باڵندە نەسرەوتووەکانی بەری بەیان

زەوی بە هیچیش دانانێن.

دە بڕوانە! چلۆن چرپەکانم

بەرەو سەرداوی ئاسمانی ئاخنراو لە خەم

ڕێگە دەبڕن.

ئەم چرپانە گوێچکەی شەو دەزرینگێننەوە؛

چاوی ڕۆژ پڕ لە ئەسرین، و

گژەبا-کان شێت و هار، و

]دواجار] لەگەڵ تۆفانی پڕجۆشوخرۆش کایە دەکەن.

وەکو ڕۆحێکی شەڕانخوازی نێو هەوران،

بە خەمێکەوە [کە وەکو گورگی برسی] دەلووریێنێ

خۆ دەپەستێمە باوەشی شەوگارەوە، و

شانبەشانی ڕێگە دەبڕم.

من پشت دەکەمە رۆژهەڵات،

کە ئاسوودەیی لەوێوە زێدە دەبێ،

لە بەر ئەوەی ڕووناکایی

بە دەردێکی سامهێنەوە

ڕۆح و مێشکم دەگرێتە خۆ.

**Mad Song**

The wild winds weep,
    And the night is a-cold;
Come hither, Sleep,
    And my griefs infold:
But lo! the morning peeps
    Over the eastern steeps,
And the rustling birds of dawn
The earth do scorn.

Lo! to the vault
    Of paved heaven,
With sorrow fraught
    My notes are driven:
They strike the ear of night,
    Make weep the eyes of day;
They make mad the roaring winds,
    And with tempests play.

## سێهەم سترانی شوانی پیر

لەو کاتەیدا بەفری زیوین
 لە سەر بەرگ و بالاپۆشی سیلڤیۆ دەنیشێتەوە، و
گەوهەرێک بە لووتی شواندا شۆڕ بۆتەوە،
گەر بێت و دڵمان گەرم بێت،
دەتوانین بەرگەی تۆفانی سێڵاوئاسای ژیان بگرین، کە چوار پەلمان دەلەرزێنێ.

تا ئەو ساتەی چاکەکاری هاوڕێمان بێ، و
ڕاستی ببێتە فانووسی ڕۆشنییەخشی ڕێگامان،
گەر بێت و دڵمان گەرم بێت،
دەتوانین بەرگەی تۆفانی سێڵاوئاسای ژیان بگرین، کە چوار پەلمان دەلەرزێنێ.

هەڵ کە ئەی بای بەگڤەگڤ،
نێوچاوانت گرژ و مۆن کە ئەی زستانی تووڕە و تۆسن،
پاکی و بێگەردی باڵاپۆشی زستانە؛
وا داپۆشراو
گەر بێت و دڵمان گەرم بێت،
دەتوانین بەرگەی تۆفانی سێڵاوئاسای ژیان بگرین، کە چوار پەلمان دەلەرزێنێ.

**Song by an Old Shepherd**

WHEN silver snow decks Sylvio's clothes,
And jewel hangs at shepherd's nose,
We can abide life's pelting storm,
That makes our limbs quake, if our hearts be warm.

Whilst Virtue is our walking-staff,
And Truth a lantern to our path,
We can abide life's pelting storm,
That makes our limbs quake, if our hearts be warm.

Blow, boisterous wind, stern winter frown,
Innocence is a winter's gown.
So clad, we'll abide life's pelting storm,
That makes our limbs quake, if our hearts be warm.

## شەتڵە گوڵەباغی جوانم

گوڵێک پێشکەشی من کرا،
جوانتر لە گوڵی بەهاری،
بەڵام گوتم،"من خاوەنی شەتڵە گوڵی جوانی خۆمم،"
ئیتر وازم لەو گوڵە شیرینە هێنا.

گەڕامەوە بۆ سەروەختی شەتڵە گوڵە جوانەکەی خۆم،
تا شەو و ڕۆژ لە ئامێزما بیپارێزم؛
بەڵام گوڵەباغەکەی من
ئیرەیی برد و ئاوڕی لێ نەدامەوە؛ و
هەر دڕک و داڵی بوونە مایەی دڵخۆشیم.




**My Pretty Rose Tree**

A flower was offered to me,
Such a flower as May never bore;
But I said, ‘I’ve a pretty rose tree,’
And I passed the sweet flower o’er.

Then I went to my pretty rose tree,
To tend her by day and by night;
But my rose turned away with jealousy,
And her thorns were my only delight.

**فریشتەکە**

خەونێکم دی،

-تۆ بڵێی واتاکەی چی بێ؟-

لە خەونمدا شاژنێکی پاکیزە بووم،

فریشتەیەکی لەسەرخۆ پارێزگاری لێدەکردم.

خەمی گەمژە هەرگیز هەڵنەخەڵەتابوو!

منیش شەو و ڕۆژ دەگریام،

ئەویش فرمێسکەکانی بۆ دەسڕیمەوە،

منیش رۆژ و شەو دەگریام،

دەگریام و خۆشیی دڵەکەی خۆم لێ دەشاردەوە.

هەر بۆیە ئەو باڵی لێکدا و لە بۆی دەرچوو؛

ئەو کات سپێدە ڕوخساری سوور هەڵگەڕا.

من فرمێسکەکانی چاوی خۆم سڕیەوە، و

چەکم دایە دەستی ترسم

چەکی دەیان هەزار سپەر و سەرنێزە.

هێندەی پێنەچوو فریشتە گەڕایەوە.

من چەکدار بووم؛ ئەو بێهوودە گەڕابۆوە،

چون گەنجی بۆی دەرچووبوو، و

قژی ماشوبرینجی سەرمی تەنیبوو!

## The Angel

I dreamt a dream! What can it mean?

And that I was a maiden Queen

Guarded by an Angel mild:

Witless woe was ne'er beguiled!

And I wept both night and day,

And he wiped my tears away;

And I wept both day and night,

And hid from him my heart's delight.

So he took his wings, and fled;

Then the morn blushed rosy red.

I dried my tears, and armed my fears

With ten-thousand shields and spears.

## گوڵەباخی نەخۆش

ئەی گوڵەباخ، تۆ نەخۆشی؛
کرمی نەدیو،
کە لە جەرگەی شەودا دەفڕێ،
لە نێو دڵی گەردەلوولی پڕهاواردا،

جێگەخەوی خۆشیی سوورهەڵگەڕاوتی دیتۆتەوە، و
ئەڤینی شاراوەی ڕەشی
ژیانت تێکدەڕووخێنێ.

## The Sick Rose

O Rose thou art sick.
The invisible worm,
That flies in the night
In the howling storm:

Has found out thy bed
Of crimson joy:
And his dark secret love
Does thy life destroy.

**لە سەر گوناهەکانی من**

لە سەر گوناهەکانی من
دادەنیشی و شین دەگێڕی؛
باشە خۆت گوناهت نینە؟
لە بۆ گوناهەکانی من دادەنیشی و قوڕ دەپێوی؟ و
گوناهەکانی خۆت دەلاوێنیتەوە
تا ئەو کاتەی خەو دێت و دەیانباتەوە.

ئەو لادانانەی من تووشم بە تووشیان بوو،
شانبەشانی لادانەکانی تۆ بوونە؛
ئەوان جندەکانی تۆن، و تۆش کۆیلەیەکی ئەوان، و
جێخەوی من دەبێتە گۆڕستانی وان.

جەستەیەکی ڕەشورووت و
شەکەت و شایانی بەزەیی پێهاتن
کە لە نێو گەردەلوولێکدا شوێنپێیەکانی هەڵدەگرم،
ئەسرینی وەکو ئاسن و شینی لە چەشنی قوڕقوشم
لە دەوری سەری لێوانلێو لە ژانم دەسووڕێنەوە.

'دە لێگەڕێ با بۆ بەرزترین نزماییەکان بچین

بە هەمبانەیەکی پڕ لە فرتوفێڵی خۆشی هێنەر.

ئەو ژنەی ڕوخساری مۆنی تۆی خۆش نەوێ

هەرگیز ئامێزی بۆ بزەت ناکاتەوە'.

**O’ver My Sins**

O’ver my sins thou sit and moan;
Hast thou no sins of thy own?
O’ver my sins thou sit and weep,
And lull thy own sins fast asleep.

What transgressions I commit,
Are for thy transgressions fit;
They thy harlots, thou their slave,
And my bed becomes their grave.

Poor, pale, pitiable form
That I follow in a storm,
Iron tears and groans of lead
Bind around my aching head.

**مێشووله**

ئەی مێشووله
گەمەی هاوینانی ئەتوو
بە دەستی کەمتەرخەمی من
هەر بە یەکجارەکی تێکچوو.

ئایا من نیم
مێشوولەیەکی وەکو تۆ
یان ئەتوو نیت
وەک من مرۆ؟

چونکی من سەما دەکەم و
دەخۆمەوە و تێربەدڵ گۆرانی دەچڕم
تا دەستێکی زلکوێر دێت و
باڵەکانم هەڵدەکەنێ و هەڵدەوەرم.

ئەگەر هزر خۆی ژیانە و

هەناسە و هێز؛

نەبوونی هزریش وەک مەرگە؛

[ناحەز و دێز]

کە واتە من لە چەشنی مێشوولەیەکم شەنگ و شادان،

جا یان زیندوو،

یاخۆ مردوو[ی نێو گۆڕستان].




**The Fly**

Little Fly

Thy summer's play,

My thoughtless hand

Has brush'd away.

Am not I

A fly like thee?

Or art not thou

A man like me?

For I dance

And drink & sing;

Till some blind hand

Shall brush my wing.

If thought is life

And strength & breath;

And the want

Of thought is death;

Then am I

A happy fly,

If I live,

Or if I die.

## سترانی گوڵی وەحشی

هەر وا کە بە دارستاندا تێدەپەڕیم،
لە نێو ئاپۆرەی گەڵا سەوزەکانەوە،
گوێم لێبوو گوڵێکی وەحشی
ئەم سترانەی لە بەر خۆیەوە دەچڕی:

"من لە زەویدا خەوتم و
لە نێو دڵی شەوی خامۆش،
ترسەکانی خۆم درکاند و
هەستم بە شادمانی کرد".

"بەرەبەیان ڕێ کەوتم و،
هومێدەوار بە قەد گوڵێکی پشکوتوو،
گەڕام بە دوای خۆشی نوێدا،
بەڵام مخابن، مخابن!
ئەوەی دیتم ڕیسوایی بوو.

## The Wild Flower's Song

As I wandered the forest,
The green leaves among,
I heard a Wild Flower
Singing a song.

'I slept in the earth
In the silent night,
I murmured my fears
And I felt delight.

'In the morning I went
As rosy as morn,
To seek for new joy;
But oh! met with scorn.'

## ئای لە بۆ گوڵەبەڕۆژە

ئای لە بۆ گوڵەبەڕۆژە،
شەکەت و بێزار لە زەمەن،
کە هەر هەنگاوەکانی هەتاو دەژمێرێ،
دەگەڕێ بۆ ئەو نیشتمانە زێڕینە دڵڕفێنەی
کە لەوێندەر سەفەری گەشتیارەکان کۆتایی دێ؛
لەوێندەرێ کە کوڕەلاو،
تێکقوپاو بە دەستی تاسە،
کیژی پاکیزەی ڕەنگوڕوو هەڵبزرکاو،
داپۆشراو بە کۆمای بەفر،
لە گۆڕی خۆ ڕاست دەبنەوە و ڕۆحیان بە بەردا دێتەوە؛
بۆ وێندەرە کە وا گوڵەبەڕۆژەکەم مەیلی بۆ ڕۆیشتن دەچێ.


My Pretty ROSE TREE
A flower was offerd to me;
Such a flower as May never bore.
But I said I've a Pretty Rose-tree.
And I passed the sweet flower o'er.
Then I went to my Pretty Rose-tree:
To tend her by day and by night.
But my Rose turnd away with jealousy:
And her thorns were my only delight.
AH! SUN-FLOWER
Ah Sun-flower! weary of time.
Who countest the steps of the Sun:
Seeking after that sweet golden clime
Where the travellers journey is done.
Where the Youth pined away with desire,
And the pale Virgin shrouded in snow:
Arise from their graves and aspire,
Where my Sun-flower wishes to go.
THE LILLY
The modest Rose puts forth a thorn:
The humble Sheep, a threatning horn:
While the Lilly white, shall in Love delight,
Nor a thorn nor a threat stain her beauty bright

**Ah! Sun-flower**

Ah Sun-flower! weary of time,
Who countest the steps of the Sun:
Seeking after that sweet golden clime
Where the traveller’s journey is done.

Where the Youth pined away with desire,
And the pale Virgin shrouded in snow:
Arise from their graves and aspire,
Where my Sun-flower wishes to go.

**یەکەم سترانی کاکی شوان**

بەخێر هاتی ئەی بیانی بۆ ئەم شوێنە،

شوێنێک تێیدا شادمانی لە سەر هەر لق وپۆپێک دەنیشێتەوە؛

شەکەتی باڵ دەکاتەوە و

بە سەر ڕوخساری هیچکەس نامێنێتەوە.

پاکی و بێگەردی لە چەشنی گوڵەباخێک

لە سەر گۆنای هەموو کچێک دەپشکوێ؛

سەربڵیندی وشانازی لە دەوری برۆی دەهاڵێت، و

ملوانکەی زێڕی لەشساغی

[جامخانەی] گەردنی دەڕازێنێتەوە.




**Song First by a Shepherd**

Welcome stranger to this place,

Where joy doth sit on every bough,

Paleness flies from every face,

We reap not, what we do not sow.

Innocence doth like a Rose,

Bloom on every Maidens cheek;

Honor twines around her brows,

The jewel Health adorns her neck.

**ئەمن ئەڤینی خۆم درکاند**

نا، نا هەرگیز هەوڵ مەدە ئەڤینی خۆت بدرکێنی
تەنیا ئەڤینی نەدرکاو ئەڤینێکی هەتاسەرە؛
لە بەر ئەوەی شنەباکان
کڕ و نەدیو تێدەپەڕن.

ئەمن ئەڤینی خۆم درکاند، ئەمن ئەڤینی خۆم درکاند،
ئەوەی لە دڵمدا هەبوو
پاکی بۆ ئەو کیژە درکاند،
لەرزگرتوو، سەرمابردوو، سام لێنیشتوو،
ئاخ ئەوەتانێ ئەو کیژە
جێم دەهێڵێ.

هەر کە لە من دوور کەوتەوە،
مسافیرێک هاتە سەر ڕێ،
کڕ و نەدیو،
بە دەم ئاهێکەوە بردی [دەستاوبەجێ].

**I Told My Love**

NEVER seek to tell thy love,
Love that never told can be;
For the gentle wind does move
Silently, invisibly.

I told my love, I told my love,
I told her all my heart;
Trembling, cold, in ghastly fears,
Ah! she doth depart.

Soon as she was gone from me,
A traveller came by,
Silently, invisibly:
He took her with a sigh.



**بەرهەمە چاپکراوەکانی عەبدولخالق یەعقووبی (١٩٧٥-    )، ڕەخنەکار و وەرگێڕ**


1. شێخولئیسلامی، جەعفەر. (٢٠١٨). زمانی کوردی لە ئێران: دانپێدانانی سنووردار و چاوەدێریکراو. توێژینەوەی زانستی. وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. هەولێر: ئەکادیمیای کوردی.

2. بێرتێنز، هانز. (٢٠١٥). بنەماکانی تیۆریی ئەدەبی. وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. سلێمانی: دەزگای سەردەم.

3. ئیگڵتن، تێری. (٢٠١٥). واتای ژیان. توێژینەوەی هزری. وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. هەولێر: ماڵی وەفایی.

4. شێکسپیر، ویلیام. (٢٠١٤). چلچرای غەزەلە ئاشقانەکانی شێکسپیر. شیعری جیهان. وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. تاران: چاپەمەنیی مانگ.

5. ماریۆ ڤارگاس، یۆسا. (٢٠١٢). کێ پالۆمینۆ مۆلرۆی کوشت؟ ڕۆمان. وەرگێڕ لە فارسییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکوریانی.

6. یەعقووبی، عەبدولخالق. (٢٠١٠). دیالۆگ و داهێنان. کۆمەڵە وتوێژی ئەدەبی و هزری. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکوریانی.

7. ئێلخانیزادە، سوارە. (٢٠٠٨). زەمزەمەی زوڵاڵ. سەرجەمی بەرهەمەکانی سوارە. کۆکردنەوە و ڕێکخستنیی: عەبدولخالق یەعقووبی. هەولێر: دەزگای ئاراس.

8. یەعقووبی، عەبدولخالق. (٢٠٠٨). لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبیات. کۆمەڵە وتاری ئەدەبی و ڕەخنەیی. هەولێر: دەزگای ئاراس.

9. ئیگلتن، تێری. (٢٠٠٨). مارکسیزم و رەخنەی ئەدەبی. وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. هەولێر: دەزگای ئاراس.

10. برێسلێر، چارلز. چاپی یەکەم (٢٠٠٢)، چاپی دووهەم (٢٠٠٧). ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی. وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. هەولێر: دەزگای ئاراس.

11. شێکسپیر، ویلیام. چاپی یەکەم (٢٠٠٦)، چاپی دووهەم (٢٠٠٧). مەکبێس. شانۆنامە. وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. هەولێر: دەزگای ئاراس.

12. وێبێستر، ڕاجێر. (٢٠٠٦). تۆژینەوەی تیۆریی ئەدەبی: پێناسەیەکی پوخت. وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکوریانی.

13. ئینیاتسیۆ، سیلۆنێ. چاپی یەکەم (٢٠٠٥)، چاپی دووهەم (٢٠١٧). ڕێبازی دیکتاتۆرەکان. ڕۆمان-شانۆ. وەرگێڕ لە فارسییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. سلێمانی: دەزگای سەردەم.

14. یەعقووبی، عەبدولخالق. (٢٠٠٥). دەنگی بلوورینی دەق. کۆمەڵە وتاری ڕەخنەیی. سلێمانی: چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی .